# دەربارەی بۆپێشەوە!

**سایتی بۆ پێشەوە لە بەرواری 10–10–2004 یەکەمین ژمارەی لە سەر ئەدرەسی www.bopeshawa.com پەخش ئەبیت.**

**بۆپێشەوە**، بڵاوکراوەیەکی ئەنتەرنێتی سیاسی و رۆشنبیری گشتییە. هەوڵ ئەدات ئاوێنەی بیروبۆچوونە جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکەکانیش سەبا رەت بە کێشە گرنگەکانی جیهانی ئەمڕۆ و ناوچەکە و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەت بخاتەڕوو. سایتی **بۆپێشەوە** هەوڵ ئەدات فراوانترین بوار و رووبەر بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونەکان فەراهەم بکات.

**بۆپێشەوە** نووسین، ووتاری جۆراوجۆر، راگەیاندنی حیزبەکان و ریکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی کوردستان، هەواڵەکانی کوردستان و بابەتی ئەدەبی و هونەری بڵاودەکاتەوە و رۆژانە ئاپدەیت ئەکریت.

**بۆپێشەوە** بانگەوازی سەرجەم نووسەران و رۆشنبیرانی کوردزمان، هەموو حیزب و ریکخراوەکانی کوردستان ئەکات. بۆ ناردنی بابەت و راگەیاندنەکانیان. هەروەها سەرنجی‌خوینەران بۆ چەند خالێکی پیویست رادەکێشم.

- **بۆپێشەوە** سایتیکی رەخنەگرانەی ئازادە، لایەنگرە لە راستی و فەرهەنگی مۆدێرن و پیشکەوتووخوازانە. بەڵام دەروازیەکی کراوەیە بەرووی بیرو بۆچوونە جیاوەزەکان.

- هەر نووسەرێك خۆی بەرپرسی نووسراوەکەیەتی. **بۆپێشەوە** بەرپرسی ناوەرۆکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی هیچ نووسراویك نییە.

- **بۆپێشەوە**، تریبۆنیکی ئازادانەی بێ سنووره بۆ رەخنەی سیاسی. بەڵام هیچ چەشنە تەشهیریکی ناسیاسییانە و بێبەڵگە، لە دژی تاك و گروپ جێگەی نابێتەوە. حورمەتی تاك لە لایەن **بۆپێشەوە** بە تەواوی دەپارێزریت.

- هەر بابەت و نووسراویك پێویستە بە ئیمزا و ناوی ( دووانی – لە جیاتی تاك نا و ) ی خاوەنەکەی بڵاوبیتەوە. ئەگەر ئەدرەس ئیمایلی لەگەڵدا بێت باشترە.

- بۆ نا ردنی نووسینەکانتان ئەتوانن سوود لە فۆرماتی ( **Word** ) وەربگرن. بەڵام بۆ ئەوەی نووسینەکانتان لە ئیدیت کردن پا ریزراو بیت، باشتر وایە بە فۆرماتی ( **PDF** ) بۆمانی بنیرن.

- سوود وەرگرتن لە بابەتەکانی **بۆپێشەوە**، ئازادانەیە بۆ هەر کەس و بڵاوکراوە و رۆژنامە و دەزگایەکی راگەیاندن.

**ئارام عەلی**

**بەڕیوەبەری سایتی بۆپێشەوە**

**2004 -10- 05**